# بێبەشکردنی ئافرەت لە پۆستی باڵا شێوازێکی دیکەی نەریتی کۆمەڵگەی پیاوسالارییە



**لە هەمـــوو کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتیـــدا تاهەنووکەش مسۆگەرکردنی مافەکانی ئافرەت و نەهێشتنی جیاوازیی ڕەگەزی بـــە دۆخێکی دژواردا تێپەڕیـــوەو بەتایبەتی لە وڵاتانـــی نەریتی و داخراودا کۆســـپ و تەگەرەی زۆر زیاتری خراوەتە بەردەم، لە کۆمەڵگەی کوردیشـــدا چالاکانی بواری مافی مـــرۆڤ جەخت لەوە دەکەنەوە کـــە ئافرەتانی کورد لە دێرزەمانـــەوە پێگەی تایبەتیان هەبووە، بەڵام بە هاوردەکردنی عەقڵییەتی پیاوســـالاری سنووری ئازادی و مافەکانیان تەلبەند کراوە. نموونەش بەوە دەهێننـــەوە کە ئەگەر بەراوردی جۆری جلوبەرگی کچانی زانکۆ لە ساڵانی حەفتاکان و ئەمڕۆدا بکەین، بە ئاشـــکرا ئەو ســـنووردانانە دەبیندرێ کـــە باوان و کۆمەڵگە بۆ کچانیان داناوە. ئەو جۆرە دابڕانەی کچان لە ڕەســـەنییەتی کەلتووری کوردی و گیرۆدەکردنیان بە کەلتووری هـــاوردە وایکردووە تەنانـــەت لە ناو حزب و لایەنە سیاســـییەکان و دەسەڵات و حکومەتی کوردیشدا بایەخـــی تەواویان پێنەدرێت. بۆیە پرســـیار دەکەن: ئایا پەراوێزخســـتن و ڕێگری لە وەرگرتن و پێدانی پۆستی شـــایان و بڕیاردەر بە ئافرەتان لە حکومەتدا شێوازێکی دیکە لە کوشتنی ئافرەت نییە؟**

**بەرپرسی نووســـینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان(فلامینا وەحید)، لە دەستپێکی قسەکانیدا بۆ گۆڤاری گوڵان دەڵێت: حکومەتێکی پرۆفیشـــناڵ و بـــاوەڕدار بە مافـــی مرۆڤ گرنگییەکـــی زۆر بە بەشـــداریی ئافرەتی بەتوانا لە ئەرکە ئیدارییەکان و لە ناو دامودەزگەی حکوومی دەدات، بە ناوەندە حکوومی و ناحکوومییەکانیشـــەوە بە مەدەنی و سیاسیشـــەوە کە ئافرەتیان لە بڕیاردان بەشـــدار کرد، ئەوە دەگەیەنێ کە لە مافـــی مرۆڤ تێگەیشـــتوون و ئافرەت لە مرۆڤ جیاناکەنەوە بڕوایان بە تواناکانی هەیە.**

### پێوەر دەبێت چۆنێتیی توانا و شارەزایی و پسپۆڕی بێت

فلامینـــا وەحید لـــە درێژەی ئاخافتنەکەیـــدا هێما بۆ ئەوە دەکات کە بەشـــدارکردنی ئافرەت لە جومگەکانی حکومەتـــدا بە شـــێوەیەکی ڕووکەشـــییانە و تەنیا بۆ نیشـــاندانی ڕووی جوان هیچ ئاکامێکـــی نابێت. ئەو بەرپرســـە ڕایوایە پێوەر نابێـــت چەندێتی بێت و دەڵێت: پێوەر دەبێت چۆنێتیی توانا و شارەزایی و پسپۆڕی بێت، بۆ ئەوەی ڕۆڵی خۆیان ببینن، چونکە دەبێت ئێمە لەوە تێبگەین کە دامودەزگە و فەرمانگەو وەزارەت و هەموو کایەکانـــی حکومەت و پەرلەمـــان و دادوەری موڵکی میللەتن و نابێت ئێمە بە موجامەلە خەڵکی لێ بکەینە خاوەن پۆست، بۆیە من ڕەخنە لە حکومەت ناگرم ئەگەر لە ڕێژەی پۆســـتی ئافرەت کەمی هەبێت، بەڵام ڕەخنە لەوە دەگرم کە ئافرەتێك وەك دیکۆر بۆ پۆســـتێك کاندید بکات، بۆیە دەبێت بە بیرێکی فراوان بڕوانینە مەسەلەکە و هەرگیز بەسۆز لەسەر واقعەکان بڕیار نەدەین.

بە بڕوای بەرپرســـی نووســـینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیـــژی دژی ئافرەتان، کاتێك ئافرەت پۆســـتێك وەردەگرێت، تووشی ئاستەنگی زۆر دەبێت، بۆیە لەپاڵ پۆســـتەکەیدا دەبێت چەند پێویســـتییەکی بۆ فەراهەم بکرێـــت، وەك خزمەتگوزاریـــی داینگە کە منداڵەکەی بە شـــێوەیەکی تەندروســـت بەخێو بکات، یان باخچەی ســـاوایانێك هەبێت کـــە منداڵەکەی فێـــری ڕەفتاری جوان بکات، قوتابخانەکەیەك هەبێت کە بە دروســـتی و زانستی پەروەردەی منداڵەکەی بکات، تاوەکو بە باشی قۆناغەکانی تەمەنی تێپەڕێنێت. لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە خاوەنی هاوســـەرێك بێت کە دڵی بە سەرکەوتنی هاوســـەرەکەی خۆش بێت و هاوکات پاڵپشتی بکات و هەوڵی شکســـت پێ هێنانی نـــەدات، چونکە چۆن لە پشـــتی هەموو پیاوێکی ســـەرکەوتوو ئافرەتێك هەیە، ئەوها لە پشتی هەموو ئافرەتێکی سەرکەوتووش پیاوێك هەیە، ئەوانە هەمووی هەوێنی ســـەرکەوتنی ئافرەتن. تێگەیشـــتن لە بنەڕەتی مەسەلەکان هۆکاری سەرەکیی مرۆڤەکانن، دەنـــا حکومەت بەتەنیا ناتوانێت بۆ هەموو شتەکان فانۆسی سحری بێت.

### پێویستە ئافرەتان ئەکتیڤتر و چالاك و بەهێزتر بن

چالاکـــوان نیگار جـــەزا، پەراوێزخســـتن و ڕێگری لە وەرگرتن و پێدانی پۆستی شایان و بڕیاردەر بە ئافرەتان لە حکومەتدا بە شـــێوازێکی دیکە لە کوشتنی ئافرەت هەژمار دەکات و دەڵێت: کوشـــتن تەنیا گیان لێسەندن نییە، بەڵکو کوشتنی ئیرادەو تواناکانی ژن و ڕێگرتن لە وەرگرتنی پۆست و بێبەشکردنی لە شوێنە هەستیارەکانی ناوەندەکانی بڕیاردەر، جۆرێکە لە کوشتنی ژن، بەداخەوە پیاوان هەمیشـــە دەیانەوێت ژنـــان لاواز بن بۆ ئەوەی هەرشـــتیك لە بەرژەوەندیی پیـــاوان بێت بیکەنە بڕیار و ژنان دەســـتیان نەبێت لە بنیادنان و بڕیاردان لە ســـەر یاساکانی وڵات کە ئەرك و مافی هەمووان دەستنیشان دەکات.

نیگار جەزا، چارەسەر لەودا دەبینێت کە پێویستە ئافرەتان ئەکتیڤتـــر و چـــالاك و بەهێزتر بن، گـــەر بیر و ڕای سیاسیشـــیان جیاواز بێت، لە پرسە چارەنووسسازەکانی مافی ئافرەتدا کۆك و یەکگرتوو بن، بۆ ئەوەی فشـــار بخەنە ســـەر حکومەت کە ســـوود لە تواناکانی ئافرەت

گوڵان: کۆمەڵایەتی

**ئەرکێکی قورس دەکەوێتە سەرشانی حکومەت لە کابینەی نوێدا و پێویستە ئەو هاوکێشە لاسەنگە بگۆڕێت کە پیاوان هەموو پۆستەکان زەوت بکەن**

**پێویستە لەسەر حزبە براوەکان فشاری زیاتر دروست بکەن، بۆ ئەوەی لە کابینەی تازەی حکومەت بەکردەیی پۆستی باڵا و شیاو بە ژنان بدرێت**

وەربگرێت و پەراوێزیان نەخات. گوتیشی: بەداخەوە زۆر جار ژنان خۆیان پشـــتی یەکتر بـــەردەدەن، دژی یەکتر دەبن و ململانێی یەکتر دەکەن، ئەمەش تەنها زیانی بۆ ئافرەت هەبووەو پیاوانی سوودمەند کردووە.

**دەبێت لەسەر حزبە براوەکان**
**فشاری زیاتر دروست بکەن**

ســـەرگول قەرەداخـــی ئەندامی خولی ســـێیەمی پەرلەمانـــی کوردســـتان، هەمان ڕای نیـــگار جەزای هەیە و دەڵێت: بێگومان کاتێك ئافرەت وەك مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵ ناکرێت و لەبوارەکانی کۆمەڵگە و سیاسی و حوکمداری پەراوێز دەخرێت، ئەوا بە مانا مەعنەوییەکەی کوشـــتنە، بۆیە پێویســـتە ژنان خۆیان چ وەك کەســـایەتی و چ وەك ڕێکخـــراوەکان لەســـەر حزبە براوەکان فشـــاری زیاتر دروست بکەن، بۆ ئەوەی لە کابینەی تازەی حکومەت بەکردەیی پۆســـتی باڵا و شـــیاو بە ژنان بدرێت کە لەئاســـتی ویســـت و داخوازی تێکڕای ژناندا بێت و تواناکانـــی ژن لای هەمووان ئاشـــکرا بن، نەك یەك دوو پۆســـتێکی ڕواڵەتی کە نەتوانن خزمەت بە دۆز و مافی ژنان بکات.

**ئافرەتی لێهاتوو و تەکنۆکراتی کورد کەم نین**

نیما ســـالار چالاکی مافی مرۆڤ و قوتابی قۆناغی سێیەمی پزیشـــکی لە وڵاتی بلارووس، سەرەتا ئاماژە بە قۆناغەکانی گەشەکردنی هزریی تاك و چەسپاندنی مافی مـــرۆڤ دەکات، ئـــەو وەك چالاکێکی بواری مافی مرۆڤ جیاکاری و دەرهێنانی مافی ئافرەت لە چوارچێوەی مافی مرۆڤ بە کارێکی (ناڕەوا



و نەشـــیاو) لە قەڵەم دەدات و جەخت لەوە دەکاتەوە کە بە هەر دوو ڕەگـــەزەوە دەبێت کار بۆ ئەوە بکەن مافی یەکســـانیان بەبێ جیاوازیی ڕەگەزی لە دەســـتووری وڵاتی خۆیاندا جێگیر بکەن. ســـەبارەت بە تەوەری ئەم ڕاپۆرتەی (گوڵان)یش دەربـــارەی چۆنیەتی پێگەی ئافرەتان لە دەســـەڵاتی جێبەجێکردن، گوتی: گەرچی ئافرەت لە دێرزەمانەوە پێگەی تایبەتیان هەبووە، بەڵام بە هاوردەکردنی عەقڵییەتی پیاوســـالاری ســـنووری ئازادی و مافەکانیان تەلبەند کراوە، واتە دابڕانی کچان لە ڕەســـەنییەتی کەلتووری کوردی و گیرۆدەکردنیان بـــە کەلتووری هاوردە وایکردووە تەنانەت لە ناو حزب و لایەنە سیاسییەکان و دەسەڵات و حکومەتی کوردیشدا بایەخی تەواویان پێنەدرێت. نموونەشـــی بەوە هێناوە کە ئەگـــەر بەراوردی جۆری جلوبەرگی کچانی زانکۆ لە ســـاڵانی حەفتاکان و ئەمڕۆدا بکەین، بە ئاشکرا ئەو سنووردانانە دەبیندرێ کە باوان و کۆمەڵگە بۆ کچانیان داناوە، گوتیشـــی: هەر ئەوانە لە ســـیمای دەسەڵاتی حزبی و حکوومیدا ڕەنگدانەوەی هەبووە، بۆیە ئەرکێکی قورس دەکەوێتە سەرشانی حکومەت لە کابینەی نوێدا و پێویســـتە ئەو هاوکێشە لاسەنگە بگۆڕێت کە پیاوان هەمـــوو پۆســـتەکان زەوت بکەن و دەرفەتـــی کار بە ئافرەتانی کارامە لێوەشـــاوە نەدەن، ئافرەتی لێهاتوو و تەکنۆکراتی کورد کەم نین، پێویســـتە بواریان پێبدرێ لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا بەشداری بکەن.

## کۆمەڵگەی کوردی بە ڕووی جیهاندا کراوەتەوە

هێمن فەرید چالاکی مەدەنییەو سەبارەت بە هەمـــان پرس دەڵێت: ئێســـتا کۆمەڵگەی کوردی بە ڕووی جیهانـــدا کراوەتەوەو چیتر نابێت لۆکاڵییانە بژی و دەبێت لەگەڵ پێشـــکەوتنەکانی دنیا هاوتەریب بێت، هەروەها نابێت لە کۆمەڵێك سێکتەر جیهانییانە بێت و لە کۆمەڵێك سێکتەری دیکەش لۆکاڵییانە بێت. بەبڕوای هێمن پرسی ئافرەت و بەشداریکردنی لە گشت جومگە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بووەتە پێوەری پێشکەوتنی زۆربـــەی وڵاتانی دنیا و مرۆڤ وەك مرۆڤ ســـەیر دەکرێت و جیاکاریی ڕەگەزی و ئایینی و ئایدیۆلۆژیایی بەلاوە نراون. گوتیشـــی: سەردەمی ئەوە نەماوە ئافرەت تەنها وەك میکانیزمێکی بەکاربەر و ئامرازێکی دەستی پیاو سەیر بکرێ، نیوەی پێکهاتەی کۆمەڵگەی ئافرتن و ناکرێـــت ئەو هێزە فراوانـــە فەرامۆش بکرێت، دەبێت لە هەرێمی کوردســـتانیش کار لەســـەر ئەوە بکرێت کە ژنان لە ناوەندەکانی بڕیار دەستی ڕاستەوخۆیان هەبێت، بەتایبەتی کـــە ئافرەتی بەتوانامان زۆرە و پێویســـتە لەدەســـەڵاتی جێبەجێکردن لەسەر بنەمای پسپۆڕی و بە ڕێژەی خۆی پلەی وەزیری و بەڕێوەبەری گشتی و راوێژکار و خەبیریان پێبدرێت.

## پێویستە پۆستی هەستیار بە ئافرەت بدرێت

هێمن فەرید لە درێژەی قسەکانیدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە لە کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵێك سێکتەر هەیە، دەبێت دەستی راستەوخۆی ئافرەتی تێدا بێت، وەك چاکسازی و بەندینخانەکانی تایبەت بەژنان و دامەزروەکانی تایبەت بەتوندوتیژی ژنان، چونکە لە ڕوانگەی دەروونییەوە ژن چاکتر خوێندنەوەی بۆ کێشـــەکانی ژن دەبێت، هەروەها لە ئەنجومەنـــی دادوەری کە ژن زۆر فەرامۆش کراوە، پێویســـتە بەشـــدارییان هاوتەریب بکرێت. پێشنیاریش دەکات، ئەوجا ئەگەر ئەو دەرگایە کرایەوەو بە یاسایەك ڕێکخرا، دەکرێ لە هەمـــوو دامەزراوەکانی حکوومی پۆستی هاوشانی پیاو بۆ ژنیش هەبێت، ئەوەش وادەکات وەك ســـەرەتایەك ژن پێگەی خۆی توندوتۆڵ دەکات و ســـنووره نەریتی و کۆمەڵایەتی و سیاسییە خراپەکان لەسەر ژن تێکدەشێکێنت، لە ماوەی چەند ســـاڵێکیش ژنانی لێهاتوو زیاتر دەبـــن و هەموو ژنێك بە لێوەشـــاوەیی خۆی پۆســـت وەردەگرێت. ئـــەو کاتە ژنان دەستی باڵایان دەبێت لە هەموو جومگەکان و کاری زیاتریش بۆ دەســـتەبەری مافەکانیان دەکەن و کێشـــەکانی تایبەت بە توندوتیژی دژی ژنانیش ڕێـــژەی بـــەرەوە کەمبوون دەچێت.



**ئافرەتی لێهاتوو و تەکنۆکراتی کورد کەم نین، پێویستە بواریان پێبدرێ لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا بەشداری بکەن**

**پرسی ئافرەت و بەشداریکردنی لە گشت جومگە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بووەتە پێوەری پێشکەوتنی زۆربەی وڵاتانی دنیا**



گوڵان: کۆمەڵایەتی

# منداڵانی سەرشەقام داوای ئاوڕلێدانەوەی حکومەتی نوێ دەکەن



**کارکردنی منداڵ لە کوردستان جیاوازە، چونکە منداڵانی سەرشەقام لەم هەرێمەدا بەشێکی زۆریان ئاوارەی سووری، یان ئاوارەی شارەکانی بەغدا و ناوەڕاستی عێراقن، ئەوان زۆربەیان کێشەی ئابوورییان هەیە، بۆیە بەناچاری خراونەتە بەر کار، بەڵام ئەو منداڵانەی کە خەڵکی هەرێمی کوردستانن و کار دەکەن، گرفتەکانیان زیاتر بۆ نەبوونی وشیاریی کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە. بەپێی ئەو ڕووپێوانەی لەچەند ساڵی رابردوودا ئەنجامدراون، زۆرترین ڕێژەی ئەو منداڵانەی کاریان کردووە لەڕووی ئابوورییەوە کێشەیان نەبووە، بەڵکو هۆی کارکردنیان بۆ نەبوونی هۆشیاریی خێزانی بووە**

منداڵان جیهانێکی هەستیار و تایبەت بە خۆیان هەیەو جۆری پەروەردەو پێگەیاندنیشیان ئەرکی باوان و حکومەتی وڵاتەکەیان قورستر دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەکی زۆر لە منداڵان لە سەرلەبەری ئەم گلۆپە خاکییەی گەردووندا، لەو جیهانە تایبەتییەی خۆیان دابڕێندراون، یان خراونەتە بەر کاری قورس و تاقەتپڕووکێن، یان سەرگەردانی شەقامەکان کراون، ئەوان زۆربەیان لە خێزانی خۆیان نائومێدن و تامەزرۆی ئاوڕلێدانەوەی حکومەتن.
ئەم ئێوارەیە سەرما زیاتر لە ڕۆژانی ڕابردوو پێستی مرۆ ئازار دەدات، شەوێکی سارد و سڕ بەڕێوەیەوەو لەگەڵ ئەوەشدا لە ترافیکلایتەکان چەندین منداڵی سەرگەردان (کچ و کوڕ) دەستسڕی کاغەزی (کلینێکس) و بنێشت دەفرۆشن، بەپێچەوانەی شۆفیرەکان کە بە گڵۆپی سوور تەنگەتاو دەبن، ئەوان بە تیشکی گڵۆپەکان دەگەشێنەوە و دێنە سەر شەقام و بە پاڕانەوە داوای کڕین دەکەن.
هاجەری تەمەن ١١ ساڵ یەکێکە لەو سەدان مێردمنداڵانەی کە لە سەرشەقام کاسبی دەکەن. ئەو بە خەمبارییەکی تێکەڵ بە شەرمەوە دەڵێت: خۆم و براکەم هەموو ڕۆژێك لە ترافیکلایتەکان بنێشت و کلینێکس دەفرۆشین.
وەك خۆی باسیکرد ڕۆژانە بە هەردووکیان (بیست تا سی هەزار دینار)یان دەستدەکەوێ، لەو بڕە پارەیەش هیچی بۆ خۆیان نییە و دەیدەن بە دایکیان. هاجەر لە بارەی ژیانی خۆیان زیاتر دوا و گوتی: ئێمە باوکمان نەماوە، هیچ مووچەشمان نییە، خزمەکانیش کەسیان پارەمان نادەنێ، دایکم کاری ماڵان دەکات، بەڵام ماوەیەکە نەخۆشە، بۆیە من و براکەم بۆ ئەوەی یارمەتی بدەین، هەموو ڕۆژێك دێین بۆ ئێرە.

**منداڵانی سەرشەقام لە هەرێمی بەشێکی زۆریان ئاوارەی سووری، یان ئاوارەی شارەکانی بەغدا و ناوەڕاستی عێراقن، ئەوان زۆربەیان کێشەی ئابوورییان هەیە**

ئەو کیژە جەخت لەوە دەکاتەوە زۆر لە پۆلیس دەترسێت و دەڵێت: زۆر جار پۆلیس دەمانگرن، وادەزانن ئێمە سواڵکەرین، خۆ ئێمە سواڵکەر نین، کەچی لێمان تووڕە دەبن و دەرمان دەکەن، لێیان دەترسم، خۆشم ناوێن، هەر بیانبینین هەڵدێین لەگەڵ براکەم.

عوسمان فازع منداڵێکی تەمەن ١٣ ساڵی بەڕەگەز عەرەبە و وەك خۆی باسیکرد پێشتر ماڵیان لە قەزای تەلەعفەر بووە، باوکی کۆچی دوایی کردووەو خێزانەکەیان چوار کەسن و لەگەڵ دایکیان لە خانوویەکی کرێدا لە گەڕەکی نەورۆزی هەولێر دەژین، تەنیا داهاتیشیان ئەو بڕە پارەیەیەکە ئەو ڕۆژانە لەسەر شەقامەکان دەستی دەکەوێت.

عوسمان بە خەمبارییەکی زۆرەوە دەڵێت: بە درێژایی ڕۆژ کار دەکەم، چونکە باری داراییمان زۆر خراپە و کرێچین، منیش بە تەنها کاسبی بۆ چوار کەس دەکەم، هەتا ئێستا ئەو هەموو جێگەیەی منداڵان لەشاری هەولێر هەیە، من نەمتوانیوە بچم، ئەوەشی چوومە لەوێ شتم فرۆشتووەو تەنیا سەیری یاریی منداڵانم کردووە.

ئەو منداڵە لە کۆتایی قسەکانیدا گوتی: داواکارم حکومەت هاوکاریمان بکات، چونکە بەڕاستی هیچ منداڵێك ناتوانێ خێزانەکەی بەخێو بکات. بۆیە پێویستە حکومەتی داهاتوو زیاتر گرنگی بە ئێمە بدات و لەو نەهامەتییە رزگارمان بکات.

عەمار ساڵح تەمەنی ١٥ ساڵەو باسی ئەوە دەکات کە خێزانەکەی بەهۆی شەڕی ناوخۆی سوریاوە ئاوارەی شارەکانی هەرێمی کوردستان بووە. عەمار بەنێو چاوانی پڕ لە عارەقەوە سەرقاڵی پاڵنانی عارەبانەکەی بوو، ئەو لە ژیانی سیاسی هیچ نازانێت، ئەوەندە نەبێت کە دەزانێت بەهۆی شەڕی ناوخۆی وڵاتەکەیەوە ئاوارەی هەرێمی کوردستان بووە. ئەوەشی خستەڕوو کە لە زێدی خۆی قوتابی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بووە، بەڵام بەهۆی نەبوونی و هەژاری ئێستا دەستی داوەتە کارکردن. هەر لەو بارەیەوە گوتی: دوای ئاوارەبوونمان ئێستا لە خانووی کرێداین و باوکم بە تەنها ناتوانێت بژێوی ماڵەوەمان دابین بکات، بۆیە من ناچارم یارمەتی بدەم .ئەگەر وا نەبووایە زۆرم حەز دەکرد لە قوتابخانە بم و زیاتر بخوێنم بۆ ئەوەی ببمە خاوەن بڕوانامە و باشتر ژیانی خۆم دابین بکەم.





ئالان سەعید توێژەری کۆمەڵایەتییەو هێما بۆ ئەوە دەکات کە کارکردنی منداڵ لە کوردستان جیاوازە، چونکە منداڵانی سەرشەقام لە هەرێمی بەشێکی زۆریان ئاوارەی سووری، یان ئاوارەی شارەکانی بەغدا و ناوەڕاستی عێراقن، ئەوان زۆربەیان کێشەی ئابوورییان هەیە، بۆیە بەناچاری خراوەنەتەبەر کار، بەڵام ئەو منداڵانەی کە خەڵکی هەرێمی کوردستانن و کار دەکەن، گرفتەکانیان زیاتر بۆ نەبوونی وشیاریی کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە.

ئالان جەخت لەوە دەکاتەوە کە بەپێی ئەو ڕووپێوانەی لەچەند ساڵی رابردوو ئەنجامدراون، زۆرترین ڕێژەی ئەو مندڵانەی کاریان کردووە لەڕووی ئابوورییەوە کێشەیان نەبووە، بەڵکوو هۆی کارکردنیان بۆ نەبوونی هۆشیاری خێزانی بووە. گوتیشی: هۆکارەکانی کارکردنی منداڵان لە کوردستان زۆرە، یەکێك لە هۆکارە زۆر سەرەکییەکان بۆ چاولێکەری خێزانەکان دەگەڕێتەوە کە لە زۆربەی گەڕەکە میللییەکاندا بۆتە مۆدێل و وەك لاساییکردنەوەی منداڵانی دراوسێکانیان منداڵەکەیان هان دەدەن بچێت کاربکات، یان زۆرجار دەبینین باوکێك باری ئابووری زۆر باشەو داهاتێکی باشی هەیە، کەچی منداڵەکەی دەنێرێت کاربکات،




بیانووەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە مرۆڤی کاسب داهاتی لە کەسی فەرمانبەر زیاترە، بۆیە منداڵەکەی پێویستە فێری پیشە بێت.

هەر لەمیانەی ڕاپۆتەکەماندا سەردانی سەنتەری (لانە)ی تایبەت بە منداڵانمان کرد. بەشێکی زۆری منداڵانی بەشداربوو لە خولەکانی ئەو سەنتەرەدا پێشتر لە سەر شەقام و کارگەکان کاریان کردووە و ئێستا بەهۆی هۆشیاربوونەوەیان وازیان لە کارکردن هێناوە. یەکێك لەو منداڵانە خۆی بە ناوی ئاری ناساند و گوتی: ساڵانی رابردوو بەهۆی نەبوونی جێگەی کات بەسەربردن لەسەر شەقام کارم دەکرد، بەڵام ئێستا دوای ئەوەی لەخولەکانی سەنتەری لانە بەشداربووم، فێری کۆمپیوتەر و مۆسیقا و کاری دەستی بووم، من لەم خولانە سوودێکی زۆرم بینی، پێشتر نەمزانیبوو، هەروەها فێری هەندێك کاربووین کە لە داهاتوودا دەتوانین بیکەین .

ئاری داوا لەحکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات کاری زیاتر بۆ منداڵان بکات و دەڵێت: هیوادارم حکومەت سەنتەرەکانی راهێنان و خولی فێرکردن بۆ منداڵان بکاتەوە، بۆ ئەوەی لە کاری ناچری و سەرشەقام رزگاریان بێت.

لەماوەی ڕابردوودا سەنتەری (لانە)ی تایبەت بە منداڵان بە هاوکاریی ڕێکخراوی ڕوانگە خولێکی تایبەتیان بۆ منداڵانی سەرشەقام کردەوە، زۆربەی ئەو منداڵانەش جەخت لەوە دەکەنەوە کە سوودێکی زۆر باشیان لەو خولانە وەرگرتووە. هێرش عومەر یەکێك بووە لە بەشداربووەکانی ئەو خولە ئەوەی دووپاتی کردەوە کە ئەو منداڵێکی ئیشکەری سەرشەقام بووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی لە خولەکانی بنکەی (لانە) بەشداری کردووە، فێری کاری دەستی بووەو پێویستی بەوە نییە لەسەر شەقام کار بکات. ئەو منداڵە گوتی: داوا لەهەموو منداڵان دەکەم کە بەشداری لە خولەکانی بنکەی فێرکاریی منداڵان بکەن بۆ ئەوەی فێری کاری جوان بن و ئیتر بۆ کارکردن ڕوو لە شەقامەکان نەکەن.

لەلای خۆیەوە د. ڕۆزە عەبدوڵڵا بەڕێوەبەری گشتیی چاودێریی کۆمەڵایەتی و گەشەپێدانی هەولێر، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد لە ئێستادا چوار سەنتەری منداڵانیان هەیە کە کار بۆ چارەسەری گرفتەکانی منداڵان دەکەن. گوتیشی: بەشێکی گرنگی ئەرکی ئەم سەنتەرانە کارکردنە لەسەر منداڵانی ئیشکەر و چەندین خولیان بۆ منداڵانی سەرشەقام کردۆتەوە، چەندین منداڵیش بەهۆی ئەم سەنتەرانەوە ڕەوانەی قوتابخانە کراونەتەوە.

د. ڕۆزە ئەوەشی دووپات کردەوە کە بەرنامەیان هەیە ئەو سەنتەرانە فراوان بکەن و لە زۆربەی گەڕەك و شوێنەکان سەنتەری لەو جۆرە بکەنەوە بۆ ئەوەی سەرجەم منداڵانی ئیشکەر لێی سوودمەند بن. گوتیشی: ئێمە بەهاوکاریی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان بەرنامەی بەرفراوانمان بۆ گەیاندنی پڕۆژەکانمان بە شار و شارۆچکە و گوندەکان دارشتووەو بەنیازین ئەو خولانە لەگشت ناوچەکان بکەینەوە. هەروەها پێویستە خستنە بەرکاری منداڵ و دیاردەی منداڵی سەرشەقام ببێتە خەمی هەموو لایەك و حکومەت و هاووڵاتی پێکەوە هەوڵبدەن داهاتووی گەشتر بۆ هەموو منداڵێك دروست بکەن.

**پێویستە خستنە بەرکاری منداڵ و دیاردەی منداڵی سەرشەقام ببێتە خەمی هەموو لایەک و حکومەت و هاووڵاتی پێکەوە هەوڵبدەن داهاتووی گەشتر بۆ هەموو منداڵێک دروست بکەن**

